پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە گەیشتن بە بازرگانەکان لەسەر ڕێگاکانیان (بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵیان)، و(نەهی کردووە لەوەی) کەسی نیشتەجێبووی شار (شتومەک) بفرۆشێت لەجیاتی کەسی نیشتەجێبووی شار (کەسی نیشتەجێبووی گوند ودەشتەکان)

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە گەیشتن بە بازرگانەکان لەسەر ڕێگاکانیان (بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵیان)، و(نەهی کردووە لەوەی) کەسی نیشتەجێبووی شار (شتومەک) بفرۆشێت لەجیاتی کەسی دەرەوەی شار (کەسی نیشتەجێبووی گوند ودەشتەکان)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی دەکات لە چەند جۆرێکی دیاریکراو فرۆشتن، چونکە زیانی هەسە بۆ سەر کڕیار وفرۆشیار یان جگە لە ئەوان: 1/ نەهی کردووە لە گەیشتن بە بازرگانان (ئەوانەی دێن شتومەکانیان بفرۆشن -لە خواردن وئاژەڵەکان- لە ناو شارێکدا یان هەر شوێنێکی تردا) لەسەر ڕێگاکانیان (بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵیان وکڕینی شتومەکەکانیان)؛ پێش ئەوەی ئەو بازرگانانە بگەن بە بازاڕەکان، چونکە سەبارەت بە نرخی شتومەکەکان نازانن لەوەیە تووشی زیان ببن لە نرخ ودەستکەوتەکانیاندا، کە لە پێناو بەدەستهێنان وفرۆشتنیان ماندوو بوون وتووشی مەترسی بوون؛ و بۆئەوەی نەکرێتە پاروویەکی ئاسان بە دەمی ئەوانەی بە هیچ شێوەیەک ماندوو نەبوون. 2/ و(نەهی کردووە لەوەی) کەسی نیشتەجێبووی شار (شتومەک) بفرۆشێت لەجیاتی کەسی دەرەوەی شار (کەسی نیشتەجێبووی گوند ودەشتەکان)، خەڵکی شارەکە بە نرخی ئەو ڕۆژە لێی دەکڕێت وخەڵکی گوندەکە دەگەڕێتەوە لە سەفەرەکەی وئەو نرخەی دەستکەوتووە کە پێویستی بووە وهەندێک قازانجی کردووە، بەڵام خەڵکی شارەکە دێت: ودەڵێت بۆتی دەفرۆشم کاتێک نرخ شتومەکەکان زیاد دەکەن، ئەمیش بۆئەوەی خۆی قازانجی زۆری دەستبکەوێت وزیان لە خەڵکی ئەو شارە بدات وبە نرخێک بیفرۆشێت چەند هێندەی قازانجی پێویست بێت، بۆیە شەریعەت هاتووە بە پاراستنی مافی فرۆشیاری بیانی وپاراستنی مافی خەڵکی شار.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5847

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee